www.kurdistannet.org
18/05/2002 02:40

# له پەراوێزی یاداشتەکەی کۆمیتەی بەگەڕ خستنی هەولەکان ... بۆ وەزارتی ....

ريبوار عارف

کۆمیتەی بەگەڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگای کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی ، لە سەرەتای ئەم مانگەدا یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکاو یەکیتی ئەوروپا کردوە، کەئەم یاداشتنامەیە ١٩حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و نیهادو ریکخراوی پیشەی ئیمزای کردووە . هاوکات هەمان یاداشتنامە بۆ هەندیك ڕێکخراو لایەنی تر نیراوە ، یەکیك لەو لایەنانە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقییە. وە دواتریش لە ریگەی پەیوەندی راستەخۆوە خوازیاری وەلامدانەوەی فیدراسیون بوون بەم یاداشت نامەیە . سەرەتا ئەوە بڵێن کە هەر هەول و تێکوشانێك بۆ دادگای کردنی نزار خەزرەجی وسەرانی حکومەتی بەعسی فاشیست لەلایەن ئێمەوە جێگەی پێشوازی و ڕێزلێنانەو وەك هەنگاوێکی بەهاو مەزن و ئینسانی لەبەرچاو دەگرین .

بۆیە ئەگەر ناردنی ئەو یاداشتنامەیە تەنها هەنگاویك بووایە بۆ عەمەلی کردنەوەی کێشانە پای دادگای کردنی سەرانی حکومەتی بەعس، ئەوە دەکرا بەشێوەیەکی تر وەلامان بدایەتەوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی کەهەموو لایەك دەزانێت کە مەسەلەی دادگای کردنی نزار خەزرەجی لەڕاستی دا یەکێك لە کەمپینە جدی و گرنگەکانی فیدراسیونە کە لەم بارەوە ئارشیفیکی دەولەمەندو هەمەجۆرمان هەیە بەرادەیەك کە تائیستا زیاتر لە٦٠ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی وپیشەی وئینسان دۆستمان هیناوەتە پشت داخوازی دادگای کردنی نزار خەزرەجی. بەلام وەك دەبینن ئەم یاداشت نامەیە لەگەل پیهەلدانیکی کەم وینەدا ئاراستەی لایەنیك کراوە کە خۆیان بۆ هەر ئاڵگۆڕێکی دڵخوازانەی خۆیان لەعیراق دا، یەکێك لەوکەسایەتی‌یە "بایەخدارانەی کەسەرمایەی لەسەر دادەنێن خۆدی خەزرەجی و خەزەرجی یەکانی ترە ! ئەم یاداشت نامەیە ئاراستەی حکومەتیك کراوە کە بۆ خۆی تیروریستێکی دەوڵەتی ودکتاتورێکی زلهێزە . بۆیە لەم بارەوە ئیتر خستنە ڕووی ئەم یاداشتنامە لەقەلەم دانی حکومەتی ئەمریکا بە برپرە پشتی هێزی پشتگیری کەر لە ئازادی و دیموکراسی و ئینسان دوستی...سنووررو مەبەستی خواستی دادگای کردنی سەرانی حکومەتی بەعس دەبەزینیت و دەبێت بە شیوەیەکی وردو ووشیارنەتر مامەلەی لەگەلدا بکریت .

لایەنێکی تری ئەم یاداشت نامەیە لەوەدا خۆی دەبینیتەوە کە هەر وەك ووتمان ١٩ حیزب ولایەنی سیاسی و پیشەی ئەو یاداشت نامەیان ئیمزاکردوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی بزانین هیواوئاستی چاوەروانی ئەم لایەنانە چی‌یەو چۆنە بۆ دامەزراندنی عیراقیکی دیموکرات و ئازادخواز وئینسان دۆست !؟

ڕەنگە دۆرستر وابیت کە بۆ چوونە نیو باسەکە چەند پەرەگرافێکی یاداشتنامەکەی ئەم بەریزانە بهینینەوەو پاشان ڕونکردنەوەی خۆمانی لەسەر بدەین، بۆیە پیمان باشە لیرەوە دەست پێ بکەین. ((...بۆیە داواتان لێ دەکەین کە لەڕوانگەی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی وخودی ئەو دروشمانەی ولایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا بەرزی کردوتەوە و بانگەشی بۆ دەکات تا لەسەرتاسەری جیهان سەقامگیر بێ

وپیادە بکرێت، کەخۆی لە ( ئاشتی، ماف مرۆڤ ، ماف دیاری کردنی چارەنووس، دیموکراسی، کۆتای هێنان بە ڕژیمە دیکتاتوریەکان وهتد) دەبینێتەوە پشتیوانی وهاوکاری هەول و داواکاری یەکانمان بکەن سەبارەت بە دادگای کردن و بەسزا گەیاندنی ئەوتاوان بارانەی بەشدارو ڕۆلی گەورەیان هەبووە لەئەنجامدانی تاوانەکانی کیمیابارانی کوردستان و ئۆپراسیۆنی ئەنفال دژی گەلی کورد، تا بەهۆی دادگایی کردنی ئەو تاوانبارانە چارەنووسی ئەنفال کراوەکانی بۆ گەلی کورد و ڕای گشتی جیهان ئاشکرا بێت. پێمان وایە ولایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکاو ئەورپا ئیستا لە هەمووکات زیاتر پەرۆش و سەرقالی کۆتایی هێنانە بەمەینەتێکانی خەلکی عیراق ئەویش بەگۆڕینی ڕژێمیٚ دیکتاتوری سەدام حسین لەعیراق داو دامەزراندنی ئیدارەیەك کە بتوانێت دیموکراسی وئازادی بۆ گەلی عیراق مسۆگەر بکات ولەسایەیدا ماف مروڤ وماف کەمینە نەتەوەییەکانی ترپارێزراوبێت..))

سەرەتا پیویستە ئەوە بلین کەخستنە ڕووی یاداشتنامەیەکی لەم چەشنەی کەلیواولیو پیاهەڵدان وستایشکردنی ئەم حکومەتانەیە بەر لەهەر شتیك نیشان دانی چرا سەوزی دلسوزی و وەفاداری ئەو لایەنانەیە بۆ سیاسیەتەکانی ئەم حکومەتانە لە ناوچەکەدا .

لەم بارەوە دەکریت ئاوڕ لە ووشە بە ووشەی ئەم دوو پەرەگرافە ورد بیەوەو هەلوێست بگرین، بەلام ئەوەی کە دەکریت لە پەراوزی ئەم باسەدا گرنگی یەکی زیاتری پیٚ بدریت چەند خالێکی سەرەکی یە کە سەرنجتانی بۆ رادەکیشین :

سەرەتا ئەوە بلین کە چەمکی ماف مرۆڤ بۆ حکومەتی ئەمریکا پاش شەڕی جیهانی دووهەم ، چەکێکی پڕ بایەخی سیاسی بوو بۆ سوود وەرگرتن و ڕاوەستانەوە دژ بە بلۆکی شەرق و ژێر پیٚ خالی کردنی ئەو چەمسەرەی کە ڕقیبی دەورانی شەری سارد بوو .

وە بە کردەوە لەمرۆشدا باسی ماف مرۆڤ بۆ ئەمریکا وەسیلەیەکە کە خۆیان ئازادن لەوەی لە کویداو بۆ چ مەبەستێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەبەرامبەر چ حکومەت و لایەنێدا بەکاری دەهێنن . لەم وولاتانەدا دەورانێك هەلاتنی سەربازێکی رووسی دەبووە جێگەی هات وهاوری دامودەزگا تەبلیغاتی یەکان ونیشان دانی بەڵگەیەکی گەورە بۆ نەبوونی ئازادی وماف مروڤ و...، ئەمرۆش کەماف مرۆڤ لە رووسیادا دەکرێت بووترێت نیوسەدە چووەتە داوەو بیٚ دەگی ئەم حکومەتانە بالی بەسەردا دەکیشاوە . " ئاخر رووسیا هاوسەنگەری حکومەتی ئەمریکایە بۆ راوەستانەوە دژ بە تیرۆریزم و ئومیدیش دەکریت ، ئەو قوتبەی دوێنی ئەمرۆ ببێتە ئەندامی" NATO " بۆیە دەبێت بلین ئازادی و ئینسانی دوستی هەر وادەبیت هەر ئەوەیە کە لە رووسیا بەرقەرارە . لە ڕوانگەی ئەمریکاوە سعودیە و... کویت کە ژنان وەك نیوەی کومەل لەماف دەنگدان بیٚ بەهرەن و نەك هەر ئەمە بەڵکو هەڵسوڕاوانی بەرگری کەر لە ماف ژنان تێدا تیرۆر دەکرێت ، بەلام کویت وولاتیکی لە ڕوانگەی ئەم ئاغایانەوە پێشکەوتووخوازو ئینسان دۆستە .

جێگەی خۆیەتی لەم بەرێزانە بپرسین کە کام دکتاتوری دنیا هەیە کە بە پشتیوانەی ئەمریکا و بەریتانیا و ئەم وولاتانە نەهاتبێتە سەر حوکم ، مەگەر هێنانە سەرکاری شاه وپینوشە ...بە پشتیوانەی ئەوان نەبوو، مەگەر سەدام حسین بەپشگیری ڕاستەخۆی بەریتنیا نەهاتە سەرحوکم؟ چاوەروان ناکرێت لەو

© Kurdistan Net

حیزب ولایەنانەی کە دەم لە بوونی دیموکراسی لەئایندەی عیراقدا دەکوتتن بە پشتیوانەی ئەم حکومەتانە، لایەنی کەم ئاگاداری هاتنە سەرکاری ئەم دیکتاتوری ئەمڕۆی بەغداد نەبن کە چۆن لەڕێگەی پشتگیری کردنی حکومەتی بەریتانیاوە دەستەلاتیان بەدەستەوە گرت . چاوگێرانیك بە بیرەوەری یەکانی (( جۆرج ریمنگتۆن جێگری یەکەمی بالوزیزخانەی بەریتانیا لەبەغداد لە ناوەڕاستی شەستەکاندا )) ئەم راستی یەمان بۆ دەردەخات ، ناوبراو لە بیرەوەری یەکانی دا کە ئێستە لە موزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە دان بەوەدا دەنێت کە چۆن بەریتانیا لە پشت تیروری عبدولکریم قاسمەوە بوو وەچۆن وە بۆ پشتیوانەیان لە سەدام حسین کرا بۆ بەدەستەوە گرتنی دەستەلات لە عیراقدا .

بەراستی ئەگەر هەر حیزب ولایەنێکی تر وەها لێکدانەوەیەکی نادروست وفەریودەرانەی بخستایەتە ڕوو، بەقەد هەڵەی ئەم دۆستانە گەورە نەبوو، کەخۆیان خوازیاری قەرەبووکردنەوەی زەرو زیانەکانی کارەساتی هەلەبجەن لە حکومەتی ئەلمان، چونکە ڕوداوەکانی کیمیای بارانی هەلەبجەو شاروشاروچکەکانی تر بەشێکن لەسیمای ئەو تاوان و وەحشی گەریانەی کە سەدام حسین بە پشتیوانی چەکە کۆ کوژی یەکانی ئەم وولاتانە ئەنجامیدا ، کە ئیستە بۆ هەندێ لەم لایەنانە بووەتە ڕەوزەنەی ئومید .

بانێکەو دوو هەوا هەر دوێنی هەندێ لایەن وکەسایەتی کەمپنی ئەنفال وهەڵەبجەو ئەم لایەنانە، ئێمەیان بەوە تاوان بار دەکردو تەنانەت تەشهیرو جنویشیان دپێدەداین و.... کە لە لێدانی حکومەتی تالباندا، لایەنگریمان لە ئەمریکا کردوەو چاومان لە ئاست دەست درێژی وشەرخوازی ودیکتاتوریەتی ئەمریکا نووقاندوە ، بەلام ئەمرۆ ئەوکەسانە خۆیان هیچ سنووریك ناهێڵنەوە لە ئاست ستایش وپیاهەڵدانی هەمان حکومەتی ئەمریکاداو ئەئەو وەحشی گەرو دیکتاتورەی دووینی دەبیتە (( فەریشتەی نەجات )) وبلندگۆی دیموکراسی وئینسان دۆستی لە دەست ئەواندایەو ئەمرۆ ئەوە ئەوانن کە بەشەری یەت لە " عدالەتی کومەلایەتی " بەهرەمەند دەکەن و لە سایەی میهرەبانی ئەم هیزە بەرگری کەرە لە مرۆڤایەتی، نەك هەر دادگاتی کردنی نزار خەزرەجی مسۆگەر دەکرێ، بەلکو تەنانەت خەلکی کورد بە "ماف چارەنووسی خۆی دەگات" !؟

## مافی دیاری کردنی چارەی نووس یا داسەپاندی بێ چارەنووسی ؟

بەر لە هەرشتیك هەر پرۆژەو بریارنامەکانی ئەم ووتانە تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە کێشەی خەلکی کوردەوە هەیە ئەگەر چی وا بەشیوە راستەخۆ باس نەکراوە ، بەلام لە ڕستیدا کێشەی هەموو (( کەمینەکان )) وخەلکی کوردیش تەنها لەبازنەی بەرژەوەندی خۆیان و بەراوردکردن و تەبای یان لەگەل حکومەتە دەستەلاتدارەکانی ناوچەکدایە، بۆیە ئیتر هەر ادعایەك بۆ دیاری کردنی ماف چارەی خۆنووسی لە پاکانە کردنیك بۆشەرعیيەتدان بە پلە دوو هێشتنەوەی خەلکی کورد لەعیراق و ناوچەکەدا هیچی تر نی یە .

ئایا ئێوە وەلامتان چی یە بەوەی کە زیاتر لە ٤ میلون ئینسان هاوولاتی یانی پلە دوون و هێشتا ئەم چوار میلون ئینسانە لە چوارچیوەی وولاتێکدا بژین کە لەسەر بنچینەی عەرەب بوون دامەزراوە، هێشتا حکومەت وئورگانێکی نیونەتەوەی نەبێت کە بەرگری لە مافە سیاسی و حقوقی ویەکانی ئەو خەلکە

**بکات ،هێشتا کۆمەڵگا لە ماف وئازادی‌یە فەردی ومەدەنی‌یەکانی خۆی بەهرەمەند نەبێت و ژنان لەسەر جیابوونەوەو ئیزدواجی ئارەزوومەندانە تیرۆر بکرێن**

**ئەی کەواتە پێمان نالێن کامەیە بڕیاردان لەسەر دیاری کردنی ماف چارەنووس ؟ ئیتر بێ دەنگی بوونی ئەمریکاو وولاتانی ئەوروپا لەبەرامبەر بە سەرکوت وستەم چەوسانەی خەلکی کورد لە کوردستانی تورکیاو ئێراندا با بووەستێت، کە ئەم بەرێزانە دەمیان بووتە تەڵەی تەقوو لەبەرامبەریدا. مەگەر لە چەند دەیەی ڕابردو تا ئێستا حکومەتی تورکیا بە درندانەترین شێوە خەلکی کورد سەرکوت ناکات ، ئەی هۆی چی‌یە نەزمی نوێی ئاغاکانی ئێوە ڕۆژێك لەڕۆژان تەنها ووشەیەکی لەم بارەوە نەوتووەو نەك هەر ئەوە بەلکو حکومەتی تورکیا بووتە جێگە هیوایەکی لەڕادە بەدەر گەورە بۆ بەراورد کردنی ئامانجەکانیان لەناوچەکەدا، بۆیە دەست ئاوالاکردنی حکومەتی تورکیاو بۆ سەرکوتی خەلکی کوردو بە تیرۆریست لەقەلەم دانی PKK تەنها گۆشەیەك لەو باجە کە بە حکومەتی تورکیا دەدرێت . روشنە بەرسمی یەت ناسینی ماف دیاری کردنی چانووس تەنها کاتێك مانا پەیدا دەکات کە وەك چون پیکەوە ژیانی ئازادنە بەرسمی ت دەناسرێت بەهەمان شێوەش جیاوبوونەوە پێکهینانی دەوڵەتی سەربەخۆش بەڕەسمی‌یەت بناسیرێت ، تا ئەو کاتە ئەو خەڵکە ستەم دیدەیە بڕیار لەسەر ژیان و ئایندەی خۆی بدات . کە ئەمەش لە ئێستەی کوردستانی عیراق پاش زیاتر لە دیەیەك سەرگەردانی سیاسی لەبارترین زەمینەی ڕەخساندوە بۆ پێهینانی‌دەولەتێکی سەربەخۆ لەڕێگەی بەرگوزارکردنی ریفراندومەیکەوە ، ئەمە مانای دیارکردنی ماف چارەنووسە نەك پیاهەلدانی ئەو لایەنانە.**

**ئەگەر ئەمڕۆ ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بۆ وەفادار بوون بە پەیامی فریودەرانەی خۆیان و بۆ بەشداری کردن لە گۆشەیەکی دەستەلاتداریەتی دا تەنانەت بەنرخی هاوکاری کردن لەگەل حکومەتی ئەنفال وهەلەبجەشدابێت باکیان نی‌یەو ئەوان هەر گرەوی خۆیان بردوتەوە چونکە گرنگ ئەوەیە لە هەر ئایندەیەکدا لەگەل هەر لایەنیکدا بێت ئەوان بەشدار بن لە دستەلاتداریەتی دا .**

**بەلام لەڕاستی‌دا ئەوەی کەجێگەی نیگەرانی یە ئەوەیە کە نەدەبوو کۆمیتەی هەولەکان بۆ دادگای‌کردنی نزار خەزرەجی بچووبایەتە پشت وەها پلاتفورمیك کەبەکەمیك وردبوونەوە هەول وتەقەلای خۆشیان لەپەیوەند بەدادگای کردنی خەزەرجی دێنێتەژێر پرسیار.**

**گەمارۆی ئابوری لەسەر عیراق ، چەکی کۆکوژی‌یە نەك رەمزی ئینسانی یەت .**

**دانانی گەرمارۆی ئابووری لە سەر وولاتان چەکێکی کاریگەر بووە بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە چەند دەهەی ڕابردودا، هەر لە کوباوە بگرە تا نیکاراغوا تا ئێران وعیراق ولیبیاو سربیا... لە ڕاستی دا ئەمڕۆ پاش دەهەیەك درێژە پێدانی گەمارووی ئابوری لەسەر عیراق ، ئەگەر هەر ڕێبواریك بە شەقام وکولانانەکانی شارو شارۆچکەکانی عیراقدا تێپەرێت هەر لە نەبوونی ئاوی پاکی خواردنەوە تا داودەرمان و تا داخستنی سەدان قوتابخانەو مستەوسەف تا سەرهەڵدانی جۆرەها نەخۆشی وەك سك چوون و کەم خوێنی کە بووەتە هۆی مردن و کۆ کوژی کردنی نەوەیەك لە مندالانی عیراق . کە بەپێی دواین راپۆرتەکانی**

(( یونیسف ، ریکخراوی تەندروستی جیهانی مانگانه ٦٠٠٠ منال بەهۆی گەماری ئابووری یەوە گیانیان له دەست دەدەن .

تەسەوری کارنامەی ئینسانی ئەو حکومەتە بکەن کە ئەم حیزبانە بە لوتکەیئینسان دۆستی لەقەلەم دەدەن ، بزانن مامەڵەی دژ بە ڕێکخراێکی ئینسان دۆست چۆنە کە داو دەرمان بۆ مندارلانی عیراق دەنیریت. گروپێکی ئینسان دۆست لە نیکاراغوای بە ناوی ( Voices in the Wilderness ) چەندین سالە بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ئەمریکا داودەرمان و یاری منداڵان دەنیریت بۆ مندلانی عیراق . لە پاداشتی ئەم یاسا شکاندنەدا حکومەتی ئەمریکا ١٦٠ هەزار دۆلاری نقدی سزایان دەدات .

ئەمریکا یەکیك لەو چەکانەی کە چەندین دەیەیە بەدەستەیەوە بۆ مەلکەچ پێ کردنی نەیارەکانی خۆی لە ڕووی سیاسی یەوە (( گەمارۆی ئابورییە )) ، لە سێ دەیەی گەمارۆی ئابوری لەسەر کوباوە بگرە تا وەلاتانی تری.. تا عیراق بەلگەی ئەم راستی یەن ، مەگەر دانانی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەلکی عیراق نەبووتە هۆی پاشەکشە پێ کردنێکی مادی ومعنەوی بۆ سەر ژیان وگوزەرانی خەلکی عیراق مەگەر برسی‌یەتی وگرانی وهەژاری نەبووەتە سەرەکی ترین چەکی بەکۆمەل کوژی لە میژووی دەستەلاتداریەتی بەعس لە عیراقدا؟ مەگەر گەمارۆی ئابووری نەبووتە هۆی هەڵوشانەوەی زۆریك لەخزمەتگوزارەی‌یەکان وبەرتەسك کردنەوەی ئاستی ژیان وگوزەرانی خەلکی وپەرپیدانی خرافەو کۆنەپەرستی وسەرکوت وچەوسانەوەی هەرچی زیاتری زیاتر لە ٢٠ ملیون ئینسان ؟ ئایا گیان لە دەست دانی زیاتر لەملیون ونیویك ئینسان لەعیراقدا بەهۆی بەردەوام بوونی گەمارۆی ئابوری یەوە، لەروانگەی ئەم بەریزانەوە بە چەکی کۆمەل کوژ ی لەقەلەم نادرێت؟ ئەگەر ویژدانی خۆمان بکەینە قازی ، ئەوە دەبوو هەر بەو تاوانانە حکومەتی ئەمریکاش شان بە شانی حکومەتی بەعس دابنێن لە بەکارهینانی چەکی کۆکوژیدا، نەك میدالی ئینسان دۆستی وپاریزەری ماف مرۆڤی لەبەروکیان بدرێت .

<u>گۆڕینی ڕژێمی دیکتاتوری سەدام حسین لە عیراق ئامانجەکانی ئەمریکا</u>

بڕیا ئەم بەڕیزانە بۆ خو قەناع کردنیان ئەوەندە زەحمەتیان دەکیشا کە لە سەرتای دەستەلاتداریەتی بەعسەوە تا ئەمرۆ، لە ئەزمەدارترین کاتەکاندا تەنها نموونەیەکیان دەهێنایەوە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە ئەمریکا خوازیاری ڕۆخانی حکومەتی بەعەس بووە، وەك ڕژیمیکی سیاسی کۆمەلایەتی. ئەگەر حافزەی ئەم دۆستانەش بەهۆی کارگەری گەمارۆی ئابورییەوە لاواز نەبووبێت ڕەنگە باش لەبیریان بیت، کە لە گەرماوگەرمی هەستان و ڕاپەرینی خەلکی عیراقدا وبەتایبەت لە کوردستان، لەوساتانەی کە بەعس لەدوایین پەلە قاژەی تەمەنی خۆی بەسەردەبردو لەبەردەم ساتەکانی گوربەگۆڕبووندابوو، حکومەتی ئەمریکا چۆن دەستی ئاواڵە کرد بۆ سەرکوت وکوشتاری خەلکی کورد لەژیر ناوی ( دەخالەت نەکردن لە مەسەلەی نیوخۆی عیراق) دا.

هەقیقەت ئەوەیە کە ئەوحکومەتە دیمکراسی‌یانەی کە ئێوە بە شان باهۆیاندا هەڵدەدەن نە لە ڕابردودا و نە ئیستەش بەهیچ جۆرێك نایانەوێت ونەیان وویستووە حکومەتی عیراق بروخێنن. توندترین وتوڕەترین هەڵویستی ئەم لایەنانە بۆلابردنی سدام حسین و دانانی سەدام حسینێکی تربووە، کەئەمە جگە لەگۆڕانکاری یەکی شکلی بۆدرێژە پیدان بەسیاسەتەکانی خۆیان هیچی تر نی‌یە !

© Kurdistan Net

www.kurdistannet.org
18/05/2002 02:40

بەشێك لەم سیناریویە لە کاتێکدا کە پیلانی لیدانی عیراق بۆ ئەم ئاستە لە گورانکاریش پشت بە ستووە بە خەونی کودەتای سەربازی وبەگەر خستنەوەی توانای دیکاتۆرانەی صالحی‌یەکان وخەزرەجی یەکان ، ئەو خەزرەجەیەی کەئیوە خوازیاری بەدەست هینانی پشتیوانەی حکومەتی ئەمریکان ، ئەوان دەیانەویت بکەنە قارەمانی سیناریوی لیدانی عیراق، خەزرەجی لەلای حکومەتی ئەمریکا تا ئەو شیوێنە جیگەی پشتیوانەیە کە بکریتە سمبولی حکومەتی ئایندەی عیراق نەك تاوان بارکردن ودادگای کردنی وەك یەکیك لەو تاوانبارانەی کە بەرپرسی کوشتاری هەزاران ئینسان و بێ سەروشوین کردنی سەدان هەزاری تر بووە .

دروست لە گەرماو گەرمی ڕوخانی تالەباندا لەو کاتەنەی کە حکومەتی ئەمریکا سەرگەمی دارشتنی هەلقەی دووەمی لەشکرکێشی بوون لە ژیر ناوی ڕاوەستانەوە لەبەرامەبەر تیرۆریزمدا، عیراق کرایە دووەم کوشتارگەو هەر ئەوکاتە وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا پیشوازی لەنوویێنەری نزار خەزرەجی کرد بۆ ئەگەری لیدانی عیراق ودواتریش ئەم پرۆسە تا ئەو شوێنە چووە پیشەوە کە نوویێنەری وەزارتی دیفاعی ئەمریکا چاوی بە نزار خەزرەجی دەکەویت لە دانیمارك بۆ تاوتویٰ کردنی پیلانەکانی خۆیان.

ئیستە لەخۆتان ناپرسن کە ئایا بە چ ئومیدیك و پشت بەستن بەکام لێدانەوەی دورست و لوژیکانە خواستی دادگای کردنی نزار خەزرجی دەخە نەبەر دەست ئەم حکومەتانە ؟ لەخۆتان بپرسن دادگای کردنی نزار خەرجی چ پەیوەندی یەکی بە پشتگیری کردنێ ئەم وولاتانەوە هەیە جیاواز لەوەی کە بتانەویت ئاو بەئاشی لە چاوەران هێشتنەوەی ئەو خەلکەدا بکەن و لەو زیاتر خوشخەیالیان بکەن کە ئەمریکای ئینسان دوست ودیموکرات خواز دۆستی دۆسەی کوردەو لەسایەی رەحمەتی ئەوان دەکریت ئێوەش پشکێتان پێ ببریت. بە پیچەوانەوە میژووی دەستەلاتداری درندەترکردنی حکومەتی بەعس بەبی پشتیوانەی ئەم حکومەتانە نەی دەتوانی ئەم ئاقارەی ئەمرۆ بگریتەبەر، ئیوە کە باس لەچەکی کۆکوژی دەکەن، ئایا تەنها بۆیەك جار لەخۆتان پرسیوە کەکێ وچ لایەنیك چەك و تەقەمەنی یەکانی بوردمانی کردنی هەلەبجەو قەلادزی حەفتاکان وبوردمانی کیمیای هەشتاکانی داوە بەم رژیمە عفریت و دیکتاتۆرە ؟ ئایا ئێوە هێرشی ئاسمانی ئەمریکارو ئینگلیز لەم چەند سالەی رابردودا بۆسەر خەلکی عیراق کەچەند کارخانەو پردوشوێنی گشتی ویران کرا،وە یاپەلاماردانەکەی دووسال لەمەبەر کەچەندین قوتابخانەو خەستەخانەو دوکان وبازارو فیرگەی ویران کردوسەدان ژن ومندال وپیرو لاوبوونە قوربانی، بەرەمزی ئاشتی خوازی وئینسان دوست ئەوحکومەتانە لەقەلەم دەدەن؟

ئایا پشتگیری‌کردنی ئەمریکا لەفاشیزمی حکومەتی اسیرئیل رۆشنترین بەلگە نەویست نی‌یە بۆ بەتیرۆریست لەقەلەم دانی ئەولایەنانەی کەئیوە یاداشتنامەی پشتگیری کردن بۆ دادگای کردنی خەزرەجی دەخەنە بەردەستیان ؟

لە کۆتایدا دەبێت ئەوەش بلیم کە بەدەر لە هەر ئیشکالیك ، ئەگەر کارەکانی تائیستەی کومیتەی هەولەکان بۆ داگای کردنی نزار خەزرەجی هەنگاویکی رۆ لە پێش و هەلوێستێکی ئینسانی و ڕێزدار بووبیت ، ئەوا ئەم یاداشتەیان بەدەر لەویستی خۆتان تەنانەت فەلسەفەی ناوی کەمپینەکەیان دێنێتە

© Kurdistan Net

ژێر پرسیار وهەنگاوبەهەنگاو دوریان دەخاتەوە لە ئیدعایەك كە دەیكەن بۆ هەولدان لە پیناوی بەسزاگەیاندنی سەرانی حكومەتی بەعسی فاشسیت .

چونكە بۆ هەندیك لەو خیزب و لایەنانە گرنگ ئەوەیە كە لە گۆشەیەكەوە دەستان لە دەستەلات گیربیت جا لەگەل خەزرەجی دابیت یان سەدام حسین ، لەگەل ئەجەوی دا بیت یان، خامنەی وخەتامی ،.. بۆیە جیّگەی خۆیەتی ئەگەر تەنها بۆ یەك جار بووبیت بەخۆتاندا بچنەوە با لە شانازی كردنی بەشدار بوون بۆ دادگای كردنی سەرانی بەعس دانەبڕێن. كە تەنها ڕێگەی بە ئەنجام گەیاندی ئەم كارە لە گرەوەی هەلخرانی و هێنانە پشت سەری هەر حیزب و لایەنێكی ئینسان دۆست و گەیاندنی دەنگی ستەم لیچووانی ئەنفال و هەلەبجەیە بە بیراری گشتی جیهان و نیشان دانی جەستەی پر زامیانە وەك سەرەكی ترین دۆكیومەنت .

ئەوەی ماوە بلین لەبارەی ئەم یاداشتەوە لەبەر ئەو هۆیانەی كەئاماژەمان پیّكرد نەك هەر ئامادەی ئیمزا كردنی نین  بەلكو دەوری خۆمان هەوەلدەین هەموو خۆشباوەریەك بەرامبەر بە دەولەتێكی ملهورو ئینسان كوژی وەكو ئەمریكا بڕەوینینەوەو ئیمە بە پشتیوانی خەلكی ئازادیخوازوهیزو بزوتنەوە پیشكەوتنخوازەكان هەولدەدەن خەزرەجی وسەرانی تاوانباری بەعس بكیّشینە پای دادگای كردن. وە داوا لەم لایەنانەش دەكەین دەست لەپیاهەلدانی ئەمریكای تاوانباران هەلگرن و بینەپیشتی ئەم خەباتەی ئیمەوە. لەمەش بەدەر جیگەی خۆیەتی كە ئەو حیزبانەی ئینمزای خۆیان لەم یاداشتە داوە بۆ خەلكی ڕوون بكەنەوە كە لە كەیەوە ئەمریكا بووەتە لایەنگری مافی مرۆڤ و ڕەمزی ئینسانی دۆستی بەدیهێنەری مافی چارەنووس ؟

سكرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

١٦ / ٥ / ٢٠٠٢

© Kurdistan Net